Utdannings-
direktoratet

# PPT یارمەتیە تایبەتەکانی پەروەردە

ئەگەر منداڵەکەت ڕووبەڕووی کێشەی تایبەت ببێتەوە، ئەو لەوانەیە مافی یارمەتی پەروەردەی تایبەتی هەبێت. لەوانەیە منداڵەکەت لە ڕۆژی لەدایکبوونیەوە مافی وەها یارمەتیەکی هەبێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو بچێتە دایەنگە یان نا.

یارمەتی تایبەتی پەروەردە دەتوانێت، بۆ نموونە بە شێوازی ڕاهێنانی فیزیکیی، هاندانی منداڵەکە یان ڕێنمایی لە ستافی دایەنگەکەوە بێت. تۆ هەمیشە وەک باوکـودایکێک مافت هەیە پێشنیازەکانی ڕێنمایی وەربگریت. یارمەتی پێشکەشکراو دەبێت بەپێی پێداویستیەکانی منداڵەکەت بگونجێدرێت.

ئەگەر تۆ، یان کەسانی دیکە کە منداڵەکەت دەناسن نیگەران بوون لەسەر گەشەکردنی ئەوە شارەوانیی و PPT. دەبێت هەڵسەنگاندن ئەنجام بدەن و هەروەها ئامۆژگاری بدەن لەسەر پێداویستی منداڵەکەت.

PPT خزمەتێکی حکومیە هەڵسەنگاندنێکی پسپۆڕانە دەکات (بە زمانی نۆروێژی: sakkyndig vurdering) بەشێوازی بەڵگەیەک کە نیشان دەدات کە منداڵەکە پێویستی بە یارمەتی پەروەردەی تایبەت هەیە یان نا. شارەوانی پێویستە بڕیارێک تاکەکەسی بدات (بەزمانی نۆروێژی: enkeltvedtak) دەربارەی ئەوەی کە منداڵەکەت مافی یارمەتی پەروەردەی تایبەتی هەیە یان نا، و پێویستە یارمەتیەکە چی بێت. هەمیشە دەتوانیت دژ بە بڕیارەکە سکاڵا بکەیت.

## PPT چیە؟

PPT ڕێنمایی دەداتە دایەنگە و خوێندنگەکان لەسەر وەرگرتنی منداڵان، کەسانی گەنج، گەورەساڵانێک کە پێداویستی تایبەتیان هەیە. PPT لەوانەیە لە هاوکاری نێوانڕستەیی لە ئاستی ناوچەیی دا بەشداری بکات، بۆ بۆنموونە لەگەڵ خزمەتی تەندروستی یان خزمەتی باشبژێوی منداڵانی نوروێژی (بە زمانی نورۆێژی: barneverntjenesten)، و لە ئاستی نەتەوەیی، بۆ نموونە خزمەتی نەتەوەیی بۆ پەروەردەی خاوەنپێداویستیەکان (بە زمانی نورۆێژی: Statped). پاراستنی نهێنیەکان PPT سنووردار دەکات.

## تۆ چاوەڕێی چ شتێک لە شارەوانی دەکەیت؟

شارەوانی دەبێت

- دڵنیا ببێتەوە کە باشترین بەرژەوەندیەکانی منداڵەکە پارێزراون
- بەشداری بکات و لەگەڵ خۆت و منداڵەکەت ڕاوێژ بکات بەرلەوەیبریار بدات کە کار دەکاتە سەر منداڵەکەت
- دیمانە لەگەڵ منداڵەکە و باوکـودایکەکان بکات و هەڵسەنگاندنی پێویست لەسەر منداڵەکە بکات
- داوا بکات کە PPT هەڵسەنگاندنێکی پسپۆڕانە بکات، ئەگەر تۆ داوای بکەیت، و ئەگەر شارەوانی یان دایەنگەکە پێیوابێت منداڵەکە پێویستی بە یارمەتیی پەروەردەی تایبەت هەبێت یان نا
- بڕیارێکی تاکەکەسی بدات (بەزمانی نۆروێژی: enkeltvedtak) کە باس لەوە بکات ئایا منداڵەکەت مافی یارمەتی پەروەردەی تایبەتی هەیە یان نا، و پێویستە یارمەتیەکە چیبێت
- یارمەتیی تایبەتی پەروەردەیی پێشکەشی منداڵەکە بکات بە هەمان شێوە کە لە بڕیاری تاکەکەسی دا هاتووە
- پێشنیاری ڕاوێژی باوکـودایکەکەت بکات
- دڵنیا ببێتەوە کە ڕاپۆرتی ساڵانە بەپێی یارمەتیی تایبەتی پەروەردە و بەرەوپێشچوونی منداڵەکە و گەشەکردن ئامادە بکرێت

## تۆ دەتوانیت چی بکەیت؟

تۆ وەک باوکـودایکێت،

Utdannings-
direktoratet

- دەتوانیت داو بکەیت کە شارەوانی لێکی بداتەوە ئایا منداڵەکەت پێویستی بە یارمەتیی پەروەردەی تایبەت هەیە یان نا
- و نیگەرانێکانت باس بکەیت لەگەڵ PPT و دیەنگەکە پێش ناردنی
- دەبێت بەشدار بیت و ڕەزامەندی خۆت بدەیت بەرلەوەی شارەوانی داوا بکات PPT منداڵەکەت هەڵبسەنگێنێت
- دەبێت بەشدار بیت و ڕەزامەندی خۆت بدەیت بەرلەوەی شارەوانیەکە بڕیار بدات منداڵەکەت دەبێت یارمەتیی پەروەردەی تایبەت وەربگرێت
- دەبێت راپۆرتێکی نووسراوی ساڵانە وەربگریت لەسەر ئەو یارمەتیە پەروەردە تایبەتەی کە منداڵەکەت وەریدەگرێت و هەروەها هەڵسەنگاندنی بەرەو پێشچوون و گەشەی منداڵەکەت
- دەتوانیت داوای پێداچوونەوە بکەیت ئەگەر یارمەتیی پەروەردەی تایبەت نەدرێتە منداڵەکەت
- دەتوانیت لەسەر ناوەڕۆک، جێبەجێکردن یان ڕێکخستنی یارمەتیی پەروەردەی تایبەت پێداچوونەوە بکەیت